ده هەڵبەست لە ئەمریکا و ئەوروپا

وەرگێڕ: ئازاد کەریمی

Daily Notes
Ten Poems of Ten famous poets
Written by Azad Karimi.

For friends who follow world literature, I am giving the news that I have translated ten poems of the ten great poets of the world into Kurdish and they have been published on the cultural-literary website of Qelam. These poets are among the greats of world literature and besides being famous in their own country, they are also popular and important among other nations. The reason for their popularity is the style and content, that is, the form and special themes presented in the poetic works of these poets.

They lived in their time because they were pioneers and were one or two levels above the level of their society's awareness of literature. So they lived in their proper time because they fulfilled their mission and society followed them. Sometimes we read that a poet who is very famous was not welcomed by the people when he was alive.

Of course, I don't know what welcome means. Literature is not the news of the newspaper or the top song. Literature is a reaction to social events in the form of ideas that are the poet's special perception. And the society that is used to its daily life and its repetition, is not moved by the poet's impressions, because he believes that he is stronger than any power that challenges his beliefes and behavior.

While society is being exploited and oppressed by the ruling power, it sees revolutions as proof of its strength. Society says we have power because we bring down the rulers and we also appoint the rulers with the power of voting. Therefore, the writer or an artist is more than weak to clime force us to change. If he insists, we reject him to be lost in isolation.

But society sees its power in its physical mass but is unaware that it is a consumer and not a producer. Because it dominates or overthrows those whose dreams are limited to providing material benefits and prosperity and material security and their investments, but literature is higher than the power of society, Because literature is an excuse to reduce the scope of power of the society and the ruling class.

In fact, the literature introduces ideals that represent the beginning and end of pollution that the government-society coalition creates in a certain period of time. And this exactly means the superiority of literature over the systematic anarchism of society, which tends to manifest its authoritarian dreams in the form of populist slogans of rulers with different ideologies from the right to the left.
Think about why Mayakovsky killed himself. Because he understood the danger of oligarchy much faster than you think and you see the catastrophe of Putinism and the circle around him ninety-three years after his significant death. Know that great poets and storytellers are geniuses of all times.

The words were long, but I wrote this introduction in English so that my non-Kurdish audience, which is nearly three thousand people from all over the world, should be aware that the Kurdish community, although it does not have an independent government, and all the limitations, but it has people like me and Qelam website, that our main concern is to establish a connection between Kurdish society and the world of literature and also world literature.

We have been living in exile for many years, but we have not forgotten our mission: introducing the Kurdish people to the world and opening the doors to the society of Kurdistan, which has been suffocated first by religious ignorance and then by political ignorance.

In this text, you will read the poems of these ten great poets of the world:

Octavio Paz, Paul Éluard, Vladimir Mayakovsky, Tristan Tzara, Lord Byron, Bertolt Brecht, Ezra Pound, Alexander Pushkin, Federico García Lorca, and Gabriele D'Annunzio.

Thank you!

https://www.qelam.com/index.php?option=com_content&view=article&id=3836:d-hbst-l-ymryka-w-ywrwpa&catid=88&Itemid=473

ئۆکتاڤیو پاز

پاوڵ ئێلوار

ڤلادیمیر مایاکۆڤسکی

تریستان تزارا

بێرتۆڵد برێشت

لۆرد بایرن

عێزرا پاوند

ئەلێکساندەر پوشکین

فێدێریکۆ گارسیا لۆرکا

گابرییێل دئانونزیۆ

ئازادی

ئۆکتاڤیۆ پاز

Octavio Paz

ئازادی لە باڵ دەچێ

وەک شنەی ڕاخوشیوی نێو گژەی گەڵای دار

و لە گوڵێکی ساکاردا دەسرەوێ

وێدەچێ خەونێکە و تێیدا

خۆبەخۆ

ڕامانی خۆنە.

لە گەزەی ددان میوەی ئازادی قرنجاندن و

بە کردنەوەی دەروازە تڕۆکراوە کۆنەکان و

دەستی دیل دەچێ.

ئەو بەردە وک وردکەنانێکە

ئەو کاغەزە سپیانە وەک مەلی دەریا

ئەو پەلکە دارانە وەک پەلەوەرانن.

پەنجەکانت بەوێنەی باڵندەکانە

هەموو شت دەفڕێ.

دادوەریی پڕاوپڕ

پاوڵ ئێلوار

Paul Éluard

یاسای گەرمی مرۆڤەکانە ئەوەی:
لە ڕەز مەی بگرن
و لە ڕەژو ئاگر و
لە ڕاموسان ئینسان.
یاسای ئەستەمی مرۆڤەکانە
مانەوە بە بێگەردی
سەرەڕای شەڕ و مەینەتیی
سەرەڕای مەترسیەکانی مەرگ.
یاسای دڵڕفێنی مرۆڤەکانە ئەوەی
لە ئاو ڕوونایی هەڵەنجاندن
ڕامان بە ڕاستیی و
دژبەران بە برادەران گۆڕاندن.
یاساییێکی کۆن و نۆ
وا ڕێگەی تەواوەتی بوونی
لە ناخی گیانی ساوایێکەوە
تێپەڕیوە هەتا هەنجەتی نەگۆڕ...

ڤلادیمیر مایاکۆڤسکی

هەوری پانتۆڵ لە پێ

Vladimir Mayakovsky

هزرتان خەون دەبینێ

لە بەستێنی مێشکی لەخۆچوو

خەونێکی وێنای بەردەستە ملپانەکان

لە نوێنگەی پیسدا

دەبێ هەڵجرنگێنم جلە خوێناوڵەکەی دڵم

دەبێ بکەنم بە گێلان

دەبێ قەڵب و هەراش

پێبکەنم

ئەبێ ئەوەندە پێبکەنم

تاکوو دڵم بسرەوێ

نە مووی سپی بە گیانمەوەیە

نە هیچ مانگی پیرانە

من جوانم

بیست و دوو ساڵە

برووسکەی دەنگم

ئەدڕێ

گوێی دنیا

کەواتە لەنجە ئەکەم

هۆ ئەنگۆ!

ناسکی نازداران

وا ئەوینتان بە کەمانچەوە دەوێ

هۆ ئەنگۆ!

ڕەق و تەقەکان

وا ئەوینتان

بە دمەک و دەمانچەوە دەوێ

سوێند بێ یەکتان تەنانەت

ناتوانێ چەرمەکەی

وەک من بڕووشێنێ

تا پێوەی نەمێنێ

بێجگە

شۆپ لە شوێنێ لێو و لێو

گوێ بدەن!

لەوێ

لە تەلار

ژنێک

سەر بە ئەنجومەنی فریشتە ئاسمانیەکان

هەقدەست وەردەگرێ

کەتانی بەری ناسکە و لەخۆی جوانە

دەبیینن

لاپەڕەی لێوی لا ئەدا

وەک کابانێک

بە دەستووری چێشتلێنانەوە.

ئەگەر بتانەوێ

باڵام هار ئەکەم

وەک ئاسمان

ڕەنگاڵە

ئەگەر ئەتانەوێ

لە نەرم نەرمتر ئەبم

پیاو

نا!

دەبمە هەورێکی پانتۆڵ لە پێ

من بڕوام بە گوڵبازاڕ نیە

هاه چەندە خۆیان شۆڕکردەوەتەوە

زەلامان و ئافرەتانی وا

زەلامانی

ئاڕفتەتر لە ئەوەی نەخۆشخانەیە

ئافرەتانی

پرتووکاوتر لە ئەوەی مەیتەڵۆکە!

تریستان تزارا

دووری

Tristan Tzara

چیتر له دووریت ناترسم

چیم به سەر هاتووە؟

وا ئیتر له دووریت ناترسم

لەوەی که نیت

و له ترسی نەبوونتدا ناترسم و نامرم

چیم به سەردا هاتووە

وا له کاتی ماڵاواییدا

بەمجۆره نەترسانه

ڕووت لێوەردەگێرم

و لە ترسی دڵتەنگی و دووری
پەیتا پەیتا ئاوڕ نادەمەوە
هەربەڕاست بڵێ
چیم بە سەر هاتووە؟

لۆرد بایرن

بەند بۆ مۆسیقا

Lord Byron

کچێکی جوان نیە وەک تۆ

بە جادووی تۆوە

وەک ئاهەنگی سەر ئاو

ئاخۆ دەنگە شیرینەکەت ڕووی لە منە:

کاتێ دەڵێی دەنگی دەبێتە هۆی

زەریای جادووکراو کپ دەبێ

شەپۆلان بێ دەنگن و ئەدروشنەوە

و شنەباکان هێور دیارن وا خەون دەبینن

و مانگی نیوەشەو ئەهۆنێتەوە
زنجیری ڕووناکی ئەو لە قووڵایی
وا سینگی بە هێمنی ئەجووڵێ
وەک ساواییکی نووستوو
کەواتە ناخ کورنوشت بۆ دەبا
بۆ بیستنت و پەسن کردنت
بە هەستێکی پڕاوپڕ بەڵام نەرم
وەک باگەڕی زەریای تاوسان.

بێرتۆڵد برێشت

هەمووومان یان کەسمان

Bertolt Brecht

هۆ کۆیلە! کێیە وا بەرت دا؟

هۆ کۆیلە! کێیە وا ئازادت کا؟

ئەوانەی وا لە قووڵایی کوراهیەکانی قووڵگەدان

هۆ هەڤاڵ!

دەتبینن و

دەنگت دەبیسن

کۆیلەکان، سەربەستت دەکەن.

هەمووومان یان کەسمان! هیچ یان هەموو!

کەس بە تەنێ خۆی پێ ڕزگار ناکرێ

یان چەک یان زنجیر،

هەموو یان هیچ کەس. هیچ یان هەموو.

هۆ برسی! کێیە نانت بدا؟
گەر دەتەوێ نانێ لەت کەی
کە ئێمەش برسییەکانین
با ڕێگەت پێبنوێنین
برسیەکان نانت بدەنێ
هەموو یان هیچ کەس. هیچ یان هەموو.
کەس بە تەنێ خۆێ پێ ڕزگار ناکرێ.
یان تفەنگ یان زنجیر.
هەموو یان هیچ کەس.

ئەی بریندار! کێیە مافت بستێنێ؟
تۆ وا تیری قەزا و بەڵا بووی
بکەوە تەک ستەملێکراوان.
هەڤاڵ! ئێمە بە لاوازی خۆمانەوە
هەڵئەسین بۆ تۆڵەت
هەمووومان یان کەسمان. هیچ یان هەموو.
کەس بە تەنێ خۆێ پێ ڕزگار ناکرێ
یان تفەنگ یان زنجیر.
هەموو یان کەس. هیچ یان هەموو.

ئەی لانەوازان! کەنگێ وەزاڵە دێن؟
ئەوەی وا توانای ڕۆژەڕەشی نیە
با بکەوێتە تەکیان
کە ئێستا بە پێویست بەرەنگارن

لەو سۆنگەوە وا کاری ئەوڕۆ مەخە سبەی

هەمووومان یان کەسمان. هیچ یان هەموو.

کەس بە تەنێ خۆێ پێ ڕزگار ناکرێ.

یان چەک یان زنجیر.

هەمووومان یان کەسمان. هیچ یان هەموو.

عێزرا پاوند

بێ ئەخلاقیەک

Ezra Pound

بۆ ئەشق و ڕابواردن بمانخوێنەوە

هیچی دیکە پێینابێ.

هەرچەندە لە زۆر وڵاتاندا ژیاوم

هیچی دیکە لەم ژیانەدا نیە.

و من پێم باشترە شیرینیەکەم بخۆم

هەرچەندە گوڵەسوورەکان لە خەم و پەژارەدا دەژاکێن

سەبارەت بە کردنی کارە باشەکان لە هەنگاریا

بۆ ڕابووردن لە بڕوای هەموو پیاوان...

ئەلێکساندەر پوشکین

ئاوات

Alexander Pushkin

فرمێسکەکانم هەڵوەراند، فرمێسکەکانم، ئۆقرەییمن،

و من بێ دەنگم، ورتەکانم مردوون

گیانم نوقمە لە سێبەری خەمۆکی دا

خۆشییە تاڵەکان لە قووڵایی خۆی دا دەشارێتەوە

من خەونی ڕابردەی ژیانم ناتاسێنم

لە تاریکاییدا ون بە، ڕواڵەت بەتاڵ!

من هەر بیر لە سەپاندنی ئەشقم دەکەمەوە،

و بێڵە با بمرم، بەڵام با ئاشقانە بمرم!

فێدێریکۆ گارسیا لۆرکا

چریکەی یەکەم تاسە



Federico García Lorca

لە سەوزەبەیان دا

دەمویست دڵێک بم.

یەک دڵ.

و لە دوانیوەڕۆی پێگەییودا

دەمویست بولبولیک بم.

یەک بولبول.

گیان

ببێته نارنجه ڕەنگ

ناخ!

ڕەنگی ئەوین هەڵبێنە.

لە سپێدەی زیندوودا

دەمویست خۆم بم.

یەک دڵ.

و لە کۆتایی دوانیوەڕۆدا

دەمویست دەنگی من بم.

یەک بولبول.

ناخ

دەبێتە نارنجه ڕەنگ

گیان!

ڕەنگی ئەوین هەڵبێنە !

گابریێل دئانونزیۆ

فریو

Gabriele D’Annunzio

نا من خۆم ناخۆمەوە گەر وشەکانم بێ باڵ بن

لای ئێواران، کاتێ وا لاقەکانتم هەیە بۆ سەرین

وەیش! ترسی دوانیوەڕۆی داهاتوو

لە سەر ئەو تەختە گەورە سپییە ئەشکەنجە بدە!

کەواتە بزانە

ئەمە هۆکارە وا ناخی من زۆر چێژ دەبینێ

لەو ئارامییە زۆر بەتامە

سەرانسەری ڕۆژ و شەو بیرێک دەمخواتەوە

لە گیانی مندا بێ وەستان، بێ وەستان

ئەم هێمنایەتیە هەمەلایەنە منی داگرتووە

لە چێژێکدا وا لە ڕادەبەدەرە- لەوانەیە نابەدڵ.

یا پەروەردگار ئەوە بکە، بەندەی هەرە بێ زەلەتی خۆت بشارەوە.

بۆ هەمیشە و هەمیشە ڕاستیەکی دڵتۆقێن!

ئەی ئەو سوێند و فەرامۆشییە گەورە

لە گشت جیهانەوە- بکەوێ بە سەر پێتدا!- پیرۆز بێ.

گیانی من هیچکات فەرامۆشی ناکا بە پیشە

هەرگیز فەرامۆشی- هەرگیز. پیرۆز بێ.

تێبینی: بۆ یەکەم جارە ئەم شێعرانە ئەکرێنەوە بە کوردی لە زاراوەی سۆرانی.